# داهێنەری ڕیالیزمی سیحری

نووسینی: لاری ڕۆهتەر

**وەرگێڕانی: ئالان عەتوف**



میگێل ئانخێل ئەستورياس. پاريس ١٩٦٧

١٣ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣ وتار

تا ئێستاش نهێنییە بۆچی ڕۆمانە مەزنەکەی میگێل ئانخێل ئەستورياس بە ناوی (جەنابی سەرۆك) لە جیهانی ئینگلیزیزماندا کەمتر ناسراوە بە بەراورد بەو ڕۆمانە زۆرانەی کە ئەم بەرهەمەی ئەستورياس ئیلهامبەخشیان بووە.

هێشـتا گابرێل گارسـیا مارکێز و ماریۆ ڤارگاس یۆسـا نەهاتبوونە دنیاوە کاتێک میگێل ئانخێل ئەسـتوریاسی گواتیمالایی لە کانوونی دووەمی سـاڵی ١٩٢٢ـــدا دەسـتی بە نووسـینی یەکەم ڕۆمانی خۆی کرد بە ناوی

(جەنابی سـەرۆك - *El Señor Presidente*). کاتێک لە تاراوگەی خۆسـەپێندا لە پاریس دەژیا، بۆ ماوەی دە ساڵێك ئیشی. لەسەر ڕۆمانەکەی کرد، پاشان گەڕایەوە زێدی خۆی لەو کاتەدا کە دارمانی ئابووریی ساڵانی ١٩٣٠یەکان لە ڕووی داراییەوە تەنگی پێ هەڵچنی، بەڵام بۆی دەرکەوت کە کارەکانی لە زێدی خۆی ئەگەری بڵاوبوونەوەیان نییە، چونکە ئەو دیکتاتۆرەی کە لە ڕۆمانەکەیدا فەرمانڕاوەییەکەی وێنا دەکات، جێگەی خۆی بە یەکێکی درندەتر و ستەمکارتر پڕ کردووەتەوە. کاتێک دواجار خۆی لە ساڵی ١٩٤٦ـدا ڕۆمانەکەی لە مەکسـیک بە چاپ گەیاند، پڕی بوو لە هەڵەی تایپ و تا سـاڵی ١٩٥٢ چاپێکی تەواوەتی نەهاتە ئاراوە.

بۆیە هەر لە سـەرەتاوە ڕۆمانی (جەنابی سـەرۆك) خاوەن بەختێکی باش نەبوو. بەڵام بە یەکێك لە هەرە گرنگترین و کاریگەرترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن لە ئەمریکای لاتین ڕیزبەند دەکرێت، وەك جۆرێك لە دەق یەکەمینە بۆ ئەو نەوەیە لە ڕۆماننووسی بەناوبانگ کە لە دوای ئەستوریاس دەرکەوتن و لە ساڵانی ١٩٦٠ـەکان و ١٩٧٠ـاکاندا وەك ئەندامانی بزووتنەوەی (El Boom) ناوبانگیان بە دەسـت هێنا کە ئەوانیش بریتی بوون لە: گارسـیا مارکێز، ڤارگاس یۆسـا، کارلۆس فوێنتێس، خۆسێ دۆنۆسـۆ، گوێڕمۆ کابرێرا ئینفانتێ، خولێۆ کۆرتازار، ئاگۆستۆ ڕۆوا باستۆس و چەند کەسێکی دیکە.

تەنانەت خوێندنەوەیەکی وردی وەرگێڕانی نوێی ڕۆمانەکەی ئەستوریاس کە لەلایەن (دەیڤید ئونگەر)ەوە کراوە، ئەوە دەسـەلمێنێت کە لەبەر چییە کاریگەرییەکی گەورەی داناوە. لەناو لاپەڕەکانیدا مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسـانی سـەرچاوەی دوو دیاردە دەسـتنیشـان بکات کە بە هۆیانەوە باقیی جیهان پەیوەسـت بووە بە ئەدەبیاتی سـەدەی بیسـتەمی ئەمریکای لاتینەوە. یەکەم: ئەو ژانرەی کە بە ڕۆمانی دیکتاتۆر ناسراوە و دووەم: ئەو شـێوازەش کە پێی دەوترێت ڕیالیزمی سـیحری. جیراڵد مارتن، کە لە دونیای ئینگلیزیزماندا توێژەری پێشـەنگە سـەبارەت بە ئەسـتوریاس و بەرهەمەکانی، لە پێشـەکییەکەیدا بۆ (جەنابی سـەرۆک) تا ئەو شـوێنە دەڕوات کە بە "لاپەڕەی یەکەمی بزووتنەوەی El Boom" ناوی دەبات و بانگەشـەی ئەوە

دەکات کە "ئەوە گابرێل گارسـیا مارکیز نەبووە کە ڕیالیزمی سـیحری داهێناوە؛ بەڵکوو ئەوە میگێل ئانخێل ئەستوریاس بووە". ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوانەی بە ئەستوریاس ئاشنا نین شتێکی نامۆ بێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە ئەمریکای لاتین زۆر کەم مشتومڕ دەوروژێنێت.

ڕۆمانی (جەنابی سـەرۆک) لە وڵاتێکی بێناودا ڕوو دەدات کە لەلایەن دیکتاتۆرێکی بێناوەوە سـتەمی لە دژ بەرپا کراوە، بەڵام هەم شـوێنەکە و هەم کاتیش بەبێ کێشـە دەناسرێنەوە: ئەوەی لە دەقەکەدا حەشـار دراوە چەند ئاماژەیەکی زووتێپەڕە بە (کوێتزاڵ)، باڵندەی نیشتمانی گواتیمالا و بە (ڤێردۆن) کە یەکێکە لە شەڕەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم.

ناسـنامەی "سـەرۆکی دەسـتووری کۆمار، خێرخوازی وڵاتەکەمان، سـەرۆکی پارتی لیبراڵی گەورە، پارێزەرە دڵلیبراڵەکەی گەنجە زاناکانمان" بە هەمان شـێوە بە ئاسـانی دەمانگەیەننە دەرەنجامێك کە ئەم کەسـایەتییە بەرمەبنای مانوێل ئیسـترادا کابرێرا دارێژراوە کە هەژمووونی خۆی بەسـەر گواتیمالادا لە سـاڵی ١٨٩٨ تا ١٩٢٠ لە ڕێگەی تۆقاندن و تیرۆر و گەندەڵی و هەڵبژاردنی ساختەوە سەپاند.

لە توێکاریکردنێکدا بۆ دیکتاتۆر و دەسـەڵاتە سـتەمکارەکەی، ئەسـتوریاس کە سـاڵێک دوای هاتنە سـەر دەسـەڵاتی کابرێرای دیکتاتۆر لە دایک بووە، لە پێگەیەکی ئیمتیازدارەوە ئەم ڕۆمانەی نووسیوە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٠ـدا لەسەر کورسیی دەسەڵات لا دەبرێت ئەویش دوای دەنگدانێک لەلایەن کۆنگرێسیـ وڵاتەوە کە بە ناکاملی عەقڵیی دادەنێن، ئیسـترادا کابرێرا دەسـتگیر دەکرێت و دادگایی دەکرێت و سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسـەردا دەسەپێنرێت کە هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٢٤ـدا کۆچی دوایی دەکات. ئەستوریاس بەشداریی لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا دەکات کە دەبێتە هۆی ڕووخانی کابرێرا و بۆ ماوەیەکی کورت زیندانی دەکرێت؛ پاشان وەک خوێندکارێکی یاسا دەبێتە سکرتێری ئەو دادگایەی کە ئیسترادا کابرێرا مەحکەمە دەکات. لەو پێگەیەدا، ئەستوریاس بۆ یەکەم جار ئەو چیرۆکە ترسناکانەی نادادپەروەری و ئەشـکەنجەدان و کوشـتنی تۆمار دەکرد کە زۆری نەخایاند بۆ ڕۆمانەکەی سـوودی لێ وەرگرتن. مارتن دەڵێت ئەسـتوریاس خۆی شـایەتیی کابرێرای دیکتاتۆریشیـ وەرگرتووە کاتێك لە ژووری بەندیخانە ماوەی زیندانییەکەی بەسەر بردووە.

تەنانەت لەو چاوپێکەوتنانەدا کە نزیک لە کۆتایی ژیانیدا ئەنجامی داون، ئەســتوریاس ســتایشی ــ ئیســترادا کابرێرای دیکتاتۆر دەکات کە کارای یاریدەدەر بووە بۆ دۆزینەوەی پیشەکەی وەک نووسەرێك. لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی ١٩٧٠ـدا دەڵێت: "کاتژمێر ١٠:٢٥ـی شەوی ٢٥ـــی کانوونی دووەمی ١٩١٧، بوومەلەرزەیەک شارەکەمی وێران کرد. بیرمە شتێکی وەک هەورێکی یەکجار گەورەم بینی کە مانگی داپۆشیبوو. لە ژێرزەمینێکدا بووم، کونێک بوو لە زەویدا یان ئەشــکەوتێك بوو، یان شــتێکی لەو جۆرە. هەر لەوێ و دواتر یەکەم شــیعرم نووسی، گۆرانییەکی ماڵئاوایی لە گواتیمالا."

دواتر، کاتێک پیتاکی فریاگوزاریی کارەســات لە وڵاتانی دەرەوەوە دەگات و بەڵام ڕاســتەوخۆ دەچێتە گیرفانی ئیســترادا کابرێرا و کەســە نزیکەکانیەوە، "ئیدی بەڕاســتی توڕە بووم لەو دۆخەی کە داروپەردووی شارەکەی تێدا پاك دەکرایەوە و لەو نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەی کە لەو کاتەدا بە ڕاستی سەری هەڵدا." لە کۆتاییدا ئەو ڕووداوە نووسەری ئاواتەخوازی هان دا بۆ هەوڵدان بۆ نووسینی پارچەیەکی خەیاڵی، کە سەرەتا ناوی نا "سواڵکەرانی سیاسی".

ئەو دەیەیەی ئەستوریاس لە فەرەنسا بەسەری برد، کە دوای وەستانێکی کورت و ناڕەزامەند بوو بۆ خوێندنی ئابووری لە لەندەن، سروشتی ئەو کتێبەی کە دەستی کردبوو بە نووسینی بە شــێوەیەکی ڕیشــەیی گۆڕی. تێزەکەی لە کۆلێژی یاســا بۆ "کێشــەی کۆمەڵایەتی هیندییە [ڕەســەنەکان]" تەرخان کرد، بەڵام دەســتی کرد بە خوێندنی ئێتنۆلۆژی لە زانکۆی ســۆربۆن لەژێر دەستی (جۆرج ڕینۆد)ی توێژەردا کە هانی دا سەرنجی بخاتە سەر کولتوور و ئەفسانەی (مایا)؛ کاتێک بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەکادیمییە، کە بریتی بوو لە دووبارەنووســینەوەی گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکانی پێش (کریستۆفەر کۆڵۆمبس) بە ناوی (ئەفسانەکانی گواتیمالا)، لە ساڵی ١٩٣١ بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە و بە پێشەکییەکی درەوشاوەی (پۆڵ ڤالێری)یەوە هاتە ئاراوە.

لە پاریس، ئەســتوریاس لەگەڵ خەڵکە ئەدەبییە ئاڤانگاردەکاندا هەڵســوکەوتی دەکرد لەوانەش شــاعیرەکانی وەك ئەندرێ بریتۆن، تریســتان تزارا، ســیزار ڤایێخۆ، لوی ئاراگۆن و

ڕۆبەرت دێنسۆس و خۆشی بوو بە سوریالیستێکی پابەند؛ هەروەها سەرنجی بەرەو پیکاسۆ ڕۆیشـت، کە بە یادی دێتەوە کاتێك لە کافێیەکی مۆنپارناسـدا کۆڕی گەرم دەکرد و ڕایدەگەیاند: "من جیهان دەشێوێنم، چونکە حەزم لێی نییە." بۆیە لە بری ئەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانە کۆمەڵایەتییە ڕیالیستییە بنووسێت کە ئەوکات لە ئەمریکای لاتین مۆدی بوو، ئەستوریاس شتێکی زۆر گەورەتر و ئاڵۆزتر و ناتەقلیدیتری داهێنا.

پلۆتی ڕۆمانی (جەنابی سەرۆک) بە شێوەیەکی فریودەر سادەیە، زۆربەی چالاکییەکان لە ماوەی یەک هەفتەدا ڕوو دەدەن. کاتێک سـوالکەرێکی نیوەشـێت بە هەڵە لە توڕەییدا عەقیدێکی دڕندە دەکوژێت، سـەرۆک بڕیار دەدات تاوانەکە بخاتە ئەسـتۆی ژەنەڕاڵێک و پارێزەرەکەی، کە دەستی کردووە بە گومانکردن لە دڵسۆزی سیاسییان. ئەمەش زنجیرەیەک پیلان و فێڵ و تەڵەکەی پێکەوەبەسـتراو دەخاتە گەڕ کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیندانیکردن، ئەشـکەنجەدان، مردن، کۆیلەکردن و لەناوبردنی گشـتیی کەسـانی باڵای حکوومەت، کە دەسـتیان کردووە بە گومانکردن لەوەی کە خەریکە ڕوو دەدات و ئەو هاوڵاتییە ئاسـاییانەشی کە هیچ گومانێکیان نەکردووە. زیندانییەک بە گریانەوە دەڵێت: "ئێمە وڵاتێکی نەفرەتیین." ئاماژە بەوەش دەکات کە "سـەدان پیاو بە فیشـەک مێشـکیان پژاوە بەسـەر دیواری زیندانەکاندا. مەڕمەڕەکانی کۆشـک بە خوێنی مرۆڤی بێتاوان خوساون. تەماشای کوێ بکەین بۆ دۆزینەوەی ئازادی؟"

ئەوەی وای کردووە ڕۆمانی (جەنابی سەرۆک) هێند شۆڕشگێڕانە بێت ئەو شێوازەیە کە تێیدا ئەسـتوریاس چیرۆکێك پێشـکەش دەکات کە زۆرێک لە توخمەکانی میلۆدرامای کلاسـیکی ئەمریکای لاتین لە خۆ دەگرێت؛ بە نموونە خۆشـەویسـتییەکی مەحکووم بە شـکسـت لەنێوان نزیکترین ڕاوێژکاری سـەرۆک و کچە جوانەکەی ژەنەڕاڵی گومانلێکراودا، کە "دوو چاوی سـەوزی یەشـمئاسـای پێوە بوو کە لە توانایاندا هەبوو کەشـتییەکان نوقمی دەریا بکەن."

بەڵام لە هەمان کاتدا ئەسـتوریاس چەندبارە هەڵدەسـتێت بە کاڵکردنەوە یان هەڵوەشـاندنەوەی بەربەسـتی نێوان واقیع و فانتازیا، خەون و بەئاگاهاتنەوە، ڕەسـەن و سـاختە، ڕابردوو و ئێسـتا، بە شـێوەیەك کە خوێنەران دەسـپێرێت بە تێگەیشـتنە سەرلێشێواوەکان و ترس و ئەندێشەکانی گالەرییەکی بەدبەختان و خراپەکاران.

باڵندەیەکی بە جریوە لە دارسـنەوبەرێکەوە لە کاتی یەکێك لە زیادەڕۆترین هەلوەسـەکانی سـواڵکەرێکدا دەچرێت: "نیوەی جەستەم درۆیە، نیوەکەی تریشی، حەقیقەت." "من هەم گوڵم و هەم سێو. چاوێکی شووشەیی و چاوێکی ڕاستەقینە پێشکەش بە هەمووان دەکەم. ئەوانەی چاوی شووشەیی من دەبینن، دەیبینن لەبەر ئەوەی خەون دەبینن؛ ئەوانەی چاوی ڕاسـتەقینەی من دەبینن، دەیبینن چونکە بە ڕاسـتی دەتوانن ببینن. من ژیانم، گوڵەسـێوی باڵندەی بەهەشتم. من درۆم لە هەموو ڕاستییەکدا، ڕاستیی هەموو چیرۆکە خەیاڵییەکانم."

وەک ئەم پەرەگرافە ئاماژەی پێ دەکات، ئەو تێڕوانینە مەزنەی کە ئەستوریاس لەو ماوەیەدا لە فەرەنسـا پێی گەیشـت و بۆ نووسـینی (جەنابی سـەرۆک) بە کاری هێنا، پێمان دەڵێت کە سـوریالیزمی ئەوروپی و ئەفسـانەکانی (مایا) لە دوو جیهانی جیاوازەوە سـەریان هەڵنەداوە، بەڵکوو وەك خۆی ئاماژەی پێ دا، هەردووکیان لەلایەن ناخودئاگا (نەسـت)ەوە دروسـت کراون و هەر لەبەر ئەوەشـە دەکرێت لە یەك یەکەدا بتوێنرێنەوە و "تێکەڵەیەك دروسـت بکەن، وە ئەمە ئەو بەشـە سـیحرییەیە، کە لە چیرۆکەکانمدا بە کارم هێناوە و سـوودم لێ وەرگرتووە." لە کۆمەڵەچاوپێکەوتنێکدا کە دوای مردنی بڵاو کرایەوە، ئەو تێڕوانینەی فراوانتر کردووە: "کاتێك [میللەتە] ڕەسـەنەکان باس لە ناڕاسـتەقینە دەکەن، بە شـێوەیەك کە وردەکاریی خەونەکانیان و هەلوەسەکانیان هەمووی یەکانگیر دەبن تاکو خەون و ڕوئیاکەیان وا لێ دەکەن کە واقعیتر بێت لە واقع خۆی. ئەمەش وەك بڵێی کە ناتوانیت باس لە "واقعی سـیحری" بکەیت بەبێ بیرکردنەوە لە عەقڵیەتی بەرایی هیندیی ڕەسـەن، لە شـێوازی هەڵسەنگاندنی بۆ دەرکەوتەکانی سروشت و لە بیروباوەڕە قووڵەکانی باووباپیرانی."

ئەسـتوریاس لە بنەڕەتدا دەیویسـت ڕۆمانەکەی ناو بنێت (تۆهیل – Tohil) کە ناوی خوداوەندێکی بەهێز و بیانووگر و تۆڵەسێنی (مایا)یە. لە (پۆپۆل ڤوهـ) (Popol Vuh)دا، کە گێڕانەوەی پیرۆزی خەلیقەتە لای گەلی (کیش - K’iche’)، تۆهیل ئاگرهێنە کە لە بەرامبەر پێشـکەشـکردنی گەرمی و ڕزقدا، پێداگری لەسـەر بەدەسـتهێنانی دڵسـۆزیی ڕەها لە شوێنکەوتووانی سوپاسگوزاری خۆی دەکات. پێیان دەڵێت: "لە ڕاستیدا من خودای ئێوەم؛ هەر واش دەبێت." "من ئـاغـای ئێوەم؛ هەر واش دەبێت". بۆ ئـارامکردنەوەی ئیگۆ پڕ ئیرەییـیەکەی، داوای قوربـانیـدانی مرۆڤیش دەکـات و کـاتێکیش نـاڕازی دەبێت، شـەڕ

دەورووژێنێت. بە کورتی تۆهیل هەم وەبیرهێنانەوەی ئیستادا کابرێرای دیکتاتۆرە و هەم مێتافۆرێکە بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرە میزاجییانەی کە گواتیمالا و باقیی ئەمریکای لاتینیان تەنیوەتەوە لەو کاتەوەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەربەخۆییان بە دەست هێناوە.

لە یەکێك لە دوابەشەکانی ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك)دا بە ناوونیشانی "سەمای تۆهیل"، شاعیرێکی ماستاوچی ئەو پەیوەندییە بە ئاراستەیەکی مۆدێرنتردا دەبات کاتێك لە شەوێکی ئاهەنگئامێزدا لە بارێك بە ئامادەبوونی هەموو کاسەلێسان و بەردەستەکانی سەرۆك، ڕایدەگەیەنێت کە ئەم سەرۆکدەوڵەتەی کە هاوشێوەی (تۆهیل)ـە، لە ڕاستیدا "ئەو نموونەیەیە کە نیتشە باسی دەکات، سوپەرمان" کە "شکڵ بە جۆرێکی نوێ لە حکوومەت دەبەخشێت: سوپەر دیموکراسی." لە "گۆرانییەکی" پێکەنیناویی بێماناادا لەسەر "سی مەیجەر بۆ سوپەر-دوپەرمان [ئاماژەیە بۆ ماستاوکردن بۆ سەرۆکی دەوڵەت]"، کە دوابەشی درێژکراوەی وتارێکە و ئونگەر لە وەرگێڕانەکەیدا یەکجار کورتی کردووەتەوە، شاعیرەکە دەڵێت "نیتشە هەر بە ڕاستی هەستی بەوە کردبوو کە یەکەم سوپەرمانێك کە تا ئێستا بوونی هەبووبێت لە هەناوی ئەمریکاوە لە باوکەگەردوون و دایکەسروشتەوە لە دایك دەبێت."

چەن فۆڕمێکی جیاوزی ئەم قاڵبە لە نووسین، کە لە گەڵ بارودۆخە ناوخۆییەکاندا گونجێنراوە، بە نزیکەیی لە هەموو ئەو ڕۆمانانەی ئەمریکای لاتیندا دووبارە دەبێتەوە کە لەسەر دیکتاتۆرەکان نووسراون، بە تایبەتی ئەوانەی لە دوای ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك)هوە نووسراون و زۆر بە دیاریکراوییش ئەوانەی کە لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە کە بزووتنەوەی (El Boom) لە لووتکەدا بووە، لەوانەش ڕۆمانەکانی وەك: (هۆکارەکانی دەوڵەت - ئەلیخۆ کارپێنتێر - ١٩٧٤)، (باڵا - ڕۆوا باستۆس- ١٩٧٤)، (پاییزی پاتریارک -١٩٧٥ و ژەنەراڵ لە لوولپێچی خۆیدا - ١٩٨٩ - گارسیا مارکیز)، (کلکی کۆترەکە - لویزا ڤالێنزوێلا - ١٩٨٣) و (جەژنی بزن - ڤارگاس یۆسا - ٢٠٠٠) و چەندانی دیکە. تەنانەت درەنگ داخلبوونی نووسەرێکی زۆر گەنجتری دوای بزووتنەوەی (El Boom) کە ئەویش ڕۆبێرتۆ بۆلانۆی

خاوەنی (ئەســـتێرەی دووری)یە لە ١٩٩٦، نکوڵی لە کاریگەریی ئەســـتوریاس ناکات و بە "نووسەرێکی زەبەلاحی وڵاتێکی بچووک و بەدبەخت" دەیشوبهێنێت.

سەرباری درەوشاوەیی و کاریگەرییەکەی، هێشتا پرسیارە کە بۆچی ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك) لە دونیای ئینگلیزیزماندا کەمتر ناسراوە لەچاو ئەو هەموو ڕۆمانەی کە ئیلهمابەخشـــیان بووە. ڕەنگە هۆکارێک ئەوە بێت کە زیاتر لە پانزە ســـاڵ تێپەڕیوە لەنێوان بڵاوبوونەوەی بە زمانی ئیسپانی و دەرکەوتنی بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٣ـــدا بە هەمان ناونیشان کە بە زمانی ئیســـپانی پێی بڵاو بووەوە. هەروەها ئونگەر ئاماژە بە کەموکورپییەکانی ئەو وەرگێڕانەی یەکەم دەکات کە لەلایەن نووســەری ئینگلیزی فرانســیز مارشــال پاتریجەوە ئەنجام دراوە: "هەرچەندە [وەرگێڕانەکەی] گۆرانیئامێز بوو بەڵام تا ڕادەیەک زمانێکی کۆنی بە کار هێنابوو، پڕی بوو لـە ئینگلیزانـدنی دەربڕینـەکـان و وەرگێڕانی هەڵە و نـاوبەنـاو لابردنی پەرەگراف و زیادەڕەویکردن لە دانانی پێکهاتەی ڕســـتەیی یەکجار لاتینی کە ڕەنگە خوێنەر وا لێ بکات سەری خۆی بۆ بخورێنێ".

وەك بەرگرییەك لە پاتریج، پێویســـتە ئاماژە بەوە بکرێت کە چەنێك حەماســـەتی بۆ ئەو ڕۆمانە هەبووە هێندەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکای لاتین لاواز بوون. ئەو زیاتر وەك بەشـێك لە گرووپی بلومســبێری ناسراوە (دوای ئەوەی هاوســەرگیری لەگەڵ راڵف پاتریج دەکات پاش ئـەوەی دۆرا کارینگتن پـەیوەنـدیـەکـەی لـەگـەڵ [راڵف] و لیتۆن ســـتراچی [نووســـەریش] تێك دەچێت) و زیاتر بەهۆی یاداشـــتنامەکانی و بیرەوەرییەکانی ژیانی [نووســەرانی] ئەو بازنەیە دەناسرێتەوە. وەك وەرگێڕێك زیاتر ســەرنجی لەســەر نووســەرانی بەناوبانگی ئیســـپانیا بوو، وەك ڕۆماننووســـان: ڤیســـێنتی بلاســـکۆ ئیبانێز و مێرســـیدس بالێســـتیرۆس و فەیلەســـووف خۆسێ لویس لۆپێز-ئارانگورێن. بۆیە بە دڵنایی کەســـێکی داهێنەری وەك ئەســـتوریاسی لە خەیاڵدا بووە. هەرچییەك بووبێت کە خەیاڵی لەوکاتەدا داگیر کردبێت، بە نموونە، بۆ وەرگێڕانی (پێلێلێ) –کە نازناوی ســـواڵکەرێکی شـــێتە- بۆ (لێبووك) لەکاتێکدا وشەی (بێمێشك) بژاردەیەکی زۆر گونجاوتر دەبوو.

ئونگەر خۆی -کە ئەو کارەکتەرە بە "دەبـەنـگ - the Dimwit" نـاودەبـات– کـە زۆر گونجاوترە بۆ ئەو ئەرکە قورســـەی کە ئەســـتوریاس و وشـــەســـازییە تایبەتەکەی و گۆڕینی تۆنەکانی زۆر جار لە خۆی دەگرێت. هەرچەندە ئونگەر بە زمانی ئینگلیزی دەنووســـێت،

بەڵام لە گواتیمالا لە دایک بووە و ڕۆمانەکانی خۆی کە بریتین لە (ژیان لە ناوچە گەرمە نەفرەتییەکاندا - ٢٠٠٢)، (نرخی هەڵهاتن - ٢٠١١) و (ماســـتەرمایند - ٢٠١٦)، زۆر جار لەوێ لە گواتیمالا ڕوو دەدەن.

هەروەها ئونگەر وەرگێڕی (پۆپۆل ڤوە) و لە (City College of New York) وانە دەڵێتەوە، لەوانەش وانەی وەرگێڕان. لە ساڵی ٢٠١٤ـــدا خەڵاتی ئەدەبیی نیشتمانیی میگێل ئەنخێل ئەســـتوریاسی بە دەســـت هێنا کە خەڵاتی ســـەرەکیی کولتووری ئەو وڵاتەیە. خۆشی دەنووسێت: "وەک گواتیگرینگۆیەک کە خۆبەخۆ ئەم ناوەم لە خۆم ناوە، ئیشەکەم وەک وەرگێڕ و نووسەری ئەدەبی، هەوڵێکی تەواوی ژیانم بووە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشەی خۆم، بۆ خاکی لەدایکبوونم."

ئونگەر پێمان دەڵێت کە ئامانج لە وەرگێڕانی جەنابی سەرۆک:

"دامەزراندنی پەیوەندییەکی دروســـتە لەنێوان وشـــە و ڕســـتە و پەرەگرافەکان لەناو زمانی عامیی ئەمریکیدا بۆ ئەوەی وێنە و مێتافۆڕ و وزەی گێڕانەوەی ســـەرســـوڕهێنەری نووســـەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەری تاکزماندا قسە بکات."

بۆ نموونە، ئەســـتوریاس کە لەو کاتەدا ڕەنگە لە تاراوگە نۆســـتالژیای هەبووبێت بۆ ئاســـوودەیی ژیانی ڕۆژانەی ناوچە گەرمە کەمەرەبییەکان، وەســـفێکی تایبەتی و جوانی بۆ هەردوو دیمەنی گوندنشـــین و دەنگ و بەرامەی ژیانی شـــارەکان نووســـیوە. ئونگەر ئەم دەربڕینانە بە شێوەیەکی شایستە بەرهەم دەهێنێتەوە، هەروەک لە سەرەتای چاپتەرێکدا، پایتەخت کە بۆ ژیان لە دوای شـــەوێکی درێژ ئارامیی لێ براوە، پیشـــان دەدات: "کازیوە بوو، تیشکی تازەی مانگی نیسـانی دەدایەوە- میچ و کێڵگەکانی بە ڕووناکی دەنەخشـاند و شـەقامە تاریکەکانی دەهێنایەوە بەرچاو. هێســـترەکان کە تەنەکەشـیری بەدەنگوزەنگیان هەڵگرتبوو، وەخت بوو چوارناڵە بۆی دەرچن بەهۆی هاوار و قامچیی خاوەنەکانیانەوە. تیشـــکی خۆر دەگەیشتە ئەو مانگایانەی کە لەناو دەرگای ماڵە دەوڵەمەندەکان و لە گۆشەی شەقامەکاندا کە هەژاران تێیدا دەژیان، دەدۆشران. کڕیاران –کە هەندێك زۆر پڕ وزە و هەندێکیشـــیان وەخت بوو لە هۆش خۆ بچن بە چاوە خەواڵووە شـــووشـــەییەکانیانەوە- چاوەڕێی شـــیری مانگا دڵخوازەکانیان دەکرد. شووشەکانیان هونەرییانە وەردەچەرخاند بۆ ئەوەی شیری زیاتر

و کەفی کەمتریان بەر بکەوێت. ئەو ژنانەی کە نانی گەرمیان لە سەبەتەدا هەڵگرتبوو، کەمەریان گوشراو و قاچەکانیان ڕەق هەڵگەڕابوو، سەریان لە سنگدا نوقم بوو، بە لاڕێدا تێدەپەڕین. پێی ڕووتیان لەژێر کێشی- سەبەتەکانیاندا لەنێوان هەنگاوی جێگیر و خلیسکدا جێگۆڕکێیان دەکرد، وەک (باڵاخانەی پەرستگایەکی بوودایی)، سەبەتەکان یەک لەسەر یەک هەڵچنرابوون. بەرامەی کولیچەی کونجیی شیرین بە دوایانەوە بوو."

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکە ئەو شێوازەیە کە ئەستوریاس ئەم دەربڕینە گۆرانیئامێزانە تێکەڵ بە زنجیرەکانی هەلوەسە و خەونبینین دەکات کە هەندێکیان لە ئەفسانەی (مایا)وە وەرگیراون. ئونگەر بە سەرکەوتوویی ئەو دوانەیەش دەگەیەنێت، هەروەها تۆنی تەنزئامێزی هێمنانەی چاپەرێکیش بە ناوی "ڕاپۆرتی سەرۆک"ەوە کە پێکهاتووە لە زنجیرەیەک یاداشت کە تێیدا هاووڵاتییانی ئاسایی بە زمانێکی بیرۆکراتیی تەخت ڕاپۆرت لەیەك دەدەن و یەکتری سەرکۆنە دەکەن. چەند بەشێکی نەگۆڕیش لە خۆ دەگرێت، لەوانە: گەشتێکی پشووی کچەکەی ژەنەراڵ کە لەگەڵ ئامۆزاکانیدا دەیکات بۆ کەنار دەریا و وەسفی سەفەرێکیش بە شەمەندەفەر بەناو جەنگەڵدا، کە هێند زیندوو وەسف کراون، لێت تێك دەچێت و وا دەزانی ئەم وەسفانە لە پرۆژێکتۆرێکی فیلمەوە هاوێژراونەتە دەرەوە.

بەڵام ئونگەر هەندێک کێشەی لەگەڵ دیالۆگدا هەیە. بڕگەگەلێک هەن، [کە زمانی وەگێڕانەکەیان] بە تایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییان بە شەقاوەکانی سەرۆکەوە هەیە، لە دیالۆگی نێو فیلمە چەتەگەرییەکانی ساڵانی ١٩٣٠ دەچێت. بۆ نموونە کاتێک ئەندامێکی پۆلیسی- نهێنی یەکێک لە هاوڕێ بێسومعەکانی نائومێد دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەو کارەی ئەم هاوڕێیەی پێویستی پێ بووە دراوە بە (کوری تەعمیدیکراوی) مودیر، وەک دڵنەواییەك بۆ ئەو هاوڕێ پەستەی، پێی دەڵێت: "گوێ بگرە، ئەوەنە دەموچاو مەیە بە یەکا. کە ئیشێکی تری بێسەرئێشە پەیدا بوو ئاگادارت دەکەمەوە. سوێند بە گیانی دایکم، شتێکی نوێ پەیدا ئەبێت. لە شارەمێروولەیەکدا، ئیش لە مێرووله زیاترە.” کاتێکیش هاورێکەی هێشتا نارازییە، پۆلیسەکە وەڵامی دەداتەوە: "هەی، برا، بە ڕاستی تۆ یەکجار هەستیاریت."

هەروەها هۆشـــدارییەکی ئونگەر هەیە کە جێگەی مشـــتومڕە کاتێك دەڵێت: "هەموو خوێنەرێکی هاوچەرخی ئەم ڕۆمانە تەزوو بە لەشـیا دێت کاتێک ڕووبەڕووی قسـەی ناشرین دەبێتەوە دژی جوولەکە، عەرەب، چینی، خـەڵکی ڕەسـەنی گواتیمـالا و هـاوڕەگەزخواز و ڕەگەزگۆڕەکان، کە جارجارە دەکرێن." [بەڵام] دان بەوەدا دەنێم کە خۆم تەنانەت چاوم بۆ نەترووکاند، ئەوە تەزوو هەر زۆر کەمتر، کاتێک ئەو بڕگانەم خوێندەوە کە قسـەیان لەسـەر دەکرێـت و کـە خۆشـم ئـەنـدامی یەکێـک لەو گرووپـانەم کە بێزڕێزییـان پێ دەکرێـت. سـووکایەتییەکان تەواو بێوەی و ناڕاسـتەوخۆن بە بەراورد بەو شـتانەی کە ڕۆژانە لە شەقامەکانی شیکاگۆ دەمبیستن لەو دەمەدا کە گەورە دەبووم. وەک ئونگەر خۆشی دانی پێدا دەنێت: "ئەو ماوەیەی کە ئەسـتورياس وەسـفی دەکات، [ئەو جۆرە قسـانە] بەربڵاو بوون.” بە ڕاسـتی پێویسـت ناکات داوای لێبوردن بکرێت یان هۆشـدارییەک لە سـەرەتادا دابنرێت: هیچ مانایەك نادات بە دەسـتەوە کە ڕۆمانێکی وەك (جەنابی سـەرۆك) پاکسـازی بۆ بکرێت لـەم بـارەیـەوە گـەر بـەراوردی بکـەین بـە ڕۆمـانێکی وەك (هـەکلبێری فین). [هـەکلبێری فین ڕۆمانێکی سـەرکێشـیئامێزی مارك توەینە کە باس لە هەك فین دەکات، کە هەرزەکارێکی بە ئاســتەم خوێندەوارە و مەرگی خۆی ســاختە دەکات بۆ ڕاکردن لە دەســت باوکە خراپە توندوتیژەکەی].

بەڵام سـەبارەت بە دیالۆگ، ڕەنگە کێشـەکە تەنیا ئەوە بێت کە ڕۆمانی (جەنابی سـەرۆك) بە چەند بژاردەیەکی مەحاڵەوە و تەحەدای چارەســەرنەکراوەوە ڕووبەڕووی هەر وەرگێڕێک دەبێتەوە. ڕۆمانەکە ئەوەندە پڕە لە وشـە و دەربڕینی تایبەتی گواتیمالا کە تەنانەت چاپەکانی زمانی ئیسپانییش فەرهەنگێکی دەیان زاراوەیی لەگەڵدایە کە لە شوێنەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین بە کار نەهێنراون. ســەرەڕای ئەوەش، ئەســتورياس هەوڵی دەدا تاموبۆی ئەو زمانە ئیسپانییە بگوازێتەوە وەك ئەوەی کە زیاتر لە سەدەیەک لەوەوبەر لە سەردەمی گەنجیدا لە وڵاتەکەی قسـەی پێ کراوە. بۆیە سـەختیی وەرگێڕانی ئەم ئیدیۆمانە بۆ زمانی ئینگلیزی بهێنە پێش چاوی خۆت لەکاتێکدا دەبێت هەردوو تۆن و فرەماناییش بپارێزیت.

بە نموونە، لە دوابەشـەکانی ڕۆمانەکەدا، سـەرۆکە بێناوەکە سـەرخۆشـە و دوای ئەوەی بەســەر هەموو ڕاوێژکارە نزیکەکانیدا دەڕشــێتەوە، ئەو توڕەیی و زەلیلییەی بیر دەکەوێتەوە کاتێك وەک پارێزەرێکی لاو لە "نوسینگەیەکی پارێزەریی پلە سێدا کاری کردووە، لەنێو سۆزانی

و قومارچییاندا،" و لەناو ئەوانەی کە ئەستوریاس لە بنەڕەتدا ناوی لێ نابوون (cholojeras). ئەمانە ژنانی بازاڕن، زۆرینەی کات لە خەڵکە ڕەسەنەکانن، کە ڕیخۆڵەی مانگا و بەراز و بەرخ دەفرۆشن بۆ لێنان لەناو شۆربا یان لەناو جۆرە گواتیمالایەکەی چێشتی (چیتەرلینگ). پارتریج ئەم وشەیەی بە "فرۆشیارانی ڕیخۆڵە" وەرگێڕاوە، لەکاتێکدا ئونگەر "فرۆشیارانی پیسایی"ی پێ باشترە، هەرچەندە "فرۆشیارانی ورگ" ڕاسترە. بەڵام بیرمە ناسیاوە گواتیمالاییە مایاییەکانم پێیان وتم کە (cholojeras) زاراوەیەکە پڕە لە سووکایەتی و زۆر جار ڕەگەزپەرستانەیە، کە بە نزیکەیی مانای (چین یان کاستی)ی هەیە کە لە هیندستان بوونیان هەیە. چۆن بۆچوونی ئەو هەموو لایەنانە بە وەرگێڕانێکی سادەی یەک وشەیی بگەیەنین؟

دوای ڕۆمانی (جەنابی سەرۆک)، ئەستوریاس پیشەیەکی بەرچاوی بۆ خۆی دروست کرد، چ ئەدەبی و چ سیاسی، لە کۆنگرێسی گواتیمالا و وەک دیپلۆماتکارێکیش خزمەتی کرد. لە ساڵی ١٩٤٩ـدا (پیاوانی گەنمەشامی)ی بڵاو کردەوە، کە مارتن پێی وایە لە تێکەڵکردنی سوریالیزم و فۆلکلۆری ڕەسەندا "تەنانەت بوێرانەتر و دیدگادارترە" و لە ماوەی دەیەیەکی دەگمەنی دیموکراسیدا لە (١٩٤٤-١٩٥٤) لە باڵیۆزخانەکانی ئەمریکای لاتین و فەرەنسا کاری کرد. بەڵام دوای ئەوەی کودەتایەکی ڕێکخراو لەلایەن ئەمریکاوە سوپای خستەوە سەر دەسەڵات، ئەستوریاس مافی هاوڵاتیبوونی لێ سەندرایەوە و ناچار کرا بگەڕێتەوە تاراوگە و لەوێ (سیانەی مۆزەکە)ی تەواو کرد، کە زنجیرەیەك ڕۆمانە سەبارەت بە ئازاری کرێکارانی ڕەسەن لە کێڵگەکانی کۆمپانیای میوەی یەکگرتوو لە گواتیمالا. زیاتر لە دەرەوەی وڵات مایەوە و بەردەوام بووە لە نووسینی ڕۆمان و شانۆنامە و شیعر تا لە ساڵی ١٩٧٤ لە مەدرید کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ١٩٦٧ بووە یەکەم ڕۆماننووسی ئەمریکای لاتین کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بە دەست بهێنێت.

بۆیە سەرەڕای ئەو ڕێگا دوور و سەختەی کە ڕۆمانی (جەنابی سەرۆک) بڕی بۆ بڵاوکردنەوە، دواجار ئەستوریاس سەرکەوتنی ڕەخنەیی و بازرگانی بۆ خۆی بە دەست هێنا. بەڵام هەرگیز درەنگ نییە بۆ ئەوەی ناوبانگەکەی بگەشێنرێتەوە. وەک مارتن دەڵێت: "گەڕاندنەوەی ڕۆمانی ئەستوریاس بۆ شوێنی شایستەی خۆی لە گەشەسەندنی کلتووریی ئەمریکای لاتین و

چڕکردنەوەی دەســتکەوتەکانی زۆر درەنگ کەوتووە، چ وەک کردەوەیەکی دادپەروەری و چ وەک بەشداریکردنێک لە ڕاستی مێژوویی و ئەدەبیدا."

بەهۆی وەرگێڕانەکەی ئونگەرەوە، دواجار خوێنەری ئینگلیزیزمان دەتوانێت بچێتە ناو ئەو نهێنییەی کە ئەمریکییە لاتینییەکان، بە تایبەت نوخبەی ئەدەبییان، هەمیشــە زانیویانە کە (جەنابی ســەرۆك) بەرهەمێکی خاوەندەســەڵاتە، مەحکوومە بە هەنووکەییبوون و پەیوەندیداربوونی تا ئەو کاتەی ئەو بارودۆخەی کە بووەتە مایەی دروســتبوونی دواجار نەمێنێت.

**سەرچاوە: The New York Review of Books**

[https://www.nybooks.com/articles/2023/05/25/the-inventor-of-magical-realism-mr-president-asturias/#:~:text=The%20Inventor%20of%20Magical%20Realism&text=Larry%20Rohter,New%20York%20Review%20of%20Books](https://www.nybooks.com/articles/2023/05/25/the-inventor-of-magical-realism-mr-president-asturias/#:~:text=The%20Inventor%20of%20Magical%20Realism&text=Larry%20Rohter,New%20York%20Review%20of%20Books)